# لەم دەڤەرە ژنانی تێکۆشەریش دەکوژرێن؟؟

**هانا شوان**

"نەعیمە ژنێکی تا بڵێی بوێرو ئازابوو، ڕێزێکی تایبەتی هەبوو، لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشەوە پەیوەندی هەبووە بەحەمە سەعیدی حاجی غەریبی سەرتیپی (٥١)ی هەورامان، چەکداریشی کردووەو لەم سنورەوە بۆ قەرەداغو شارباژێڕ کاری ڕێکخستنی کردووە. ئەو یەکێك بوو لەو ژنانەی کە بەپێ بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژی، بۆیە ئەم قسەیە دەکەم بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان نەیانهێشتایە ئاوا بەبێ دەنگ بکوژرێت".

ئەوە قسەی قادری حاجی حەمە ساڵحە، پیاوماقوڵی گوندی کاژاوو خزمی (نەعیمە) بوو، ئەو نەعیمەیەی کە لەشەوێکی مانگی ئابی ئەمساڵداو لەگەوڕی ماڵەکەی خۆیاندا لەگوندی (زێنریجوی) سەر بەشارۆچکەی عەربەت کوژراو هەر ئەو شەوەش پۆلیس ئاگادار کرایەوە. موقەدەم عەبدوڵا مەحمود شەریف بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەربەت دەڵێت "شەو ئاگادار کراین ژنێك کوژراوە (مفەوەز ئیبراهیم) بەدواداچوونی بۆ مەسەلەکە کرد، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆمان دەرکەوت فیشەکێك بەسەریەوە بووەو لەگەوڕی ماڵەکەیدا کوژراوە، پێدەچێت رایکردبێت بەرەو گەوڕەکە، چونکە لەناو دەرگاکەدا کوژراوە". موقەدەم عەبدوڵا ئاماژە بەوە دەدات کە لەسەرەتای ئەمساڵەوەو لەسنوری دەسەڵاتی بنکەکەی ئەواندا دوو ژن کوژراون یەکێکیان نەعیمەیە، ئەویتریشیان کوێستانە کە لەحاڵەتی کوێستاندا هاوسەرەکەی ڕەوانەی دادگا کراوەو (نەعیمەش) فایلەکەی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی سکاڵاکار یان شایەدێك قسەی لەسەر دەکات.

قادری حاجی حەمە ساڵح دەڵێت "خوشکێکی نەعیمە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەبووە کە برازای مێردی نەعیمەیەو براکانی نەعیمە سەرزەنشتی نەعیمەیان کردووەو وتویانە ئەو کوڕو کچە تۆ هۆکاری بەهاوسەربوونیان بویت". ئەو زۆر بەداخە بۆ کوشتنی نەعیمەو بەردەوام ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە نەعیمە چەندە ژنێکی لێهاتو بووەو ڕێزی لێگیراوەو دەڵێت "نەعیمە هەر لەو دەمەقاڵێیەدا بەرگری لەخۆی دەکاتو دیارە یەکێك لەبراکانی تەقەی لێدەکات" مفەوەز ئیبراهیم لەبنکەی پۆلیسی عەربەتیش دەڵێت "ئێمەش برایەکی نەعیمە ئاگاداری کردینو ئێستەش چاودێری وەزعەکە دەکەینو زانیاری کۆدەکەینەوە، بەڵام تا ئەم کاتە یەك کەس نەهاتووە سکاڵا تۆمار بکات، ئەو دەمانچەیەشمان دەست نەکەوت کە پێی کوژرابوو". ئەگەرچی گومانەکان زیاتر براکانی نەعیمە دەگرێتەوە، بەتایبەتی کە پێشتر یەکێکیان نەیوستووە نەعیمە شوو بکات داوای ئەو پارچە زەویەشی لێکردووە، کە سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری ژنان ڕۆڵی هەبووە لە وەرگرتنی وەکو پاداشتی خەباتی چەند ساڵەی ئەو ژنە تێکۆشەرە.

سەبارەت بە هەڵوێستی دلێر لەم کێشەیە، ڕەمەزان دێکۆنی کە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانیو دەوروبەریەتی، ئەو بەڕێوەبەرێتییەی کە دلێری برای نەعیمە کاری تێدا دەکات دەڵێت "دلێر بێتاوانەو ئەگەر بزانین دەستی ئەوی تێدایە خۆمان تەسلیمی یاسای دەکەین". ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دلێر تەقەی لە نەعیمە نەکردووەو دەستی لەکوشتنیدا نەبووە. ڕووناك ڕەئوف وەکو بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندن بە بیستنی هەواڵی کوشتنی نەعیمە فرمێسکەکانی لەچاویدا قەتیسماو ووتی "ئەو یەکێك بوو لە ژنە هەرە چالاکەکانی بواری ڕێکخستن لە ساڵانی حەفتاکان". ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا جەختی کردەوە لە گرنگی ڕۆڵی یاسا بۆ دەستگیرکردنی بکوژەکەو ووتی "ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە دەبێت بکوژەکەی سزا بدەن".

هەروەها ئاماژەی دا کە ڕێکخراوەکانیش دەبێت بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بن کارێك بکەن بۆ دەستگیرکردنی بکوژەکەی، چونکە تا ئەمڕۆش ئازادە. موقەدەم نەجمەدینی جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانیو دەوروبەری دەڵێت "من لەو لیژنەیەدا بووم کە سەردانی ماڵی کوژراوەکەمان کردو بردمانە پزیشکی دادوەری. من دڵنیام دلێر نەبووە، بەڵام لەو ڕۆژەوە دڵشادی برای نەعیمە رایکردووەو دیار نیە" هەروەك لەقسەکانی موقەدەم نەجمەدینیشدا دەردەکەوێت ئەو تەقەی کردووە، بەڵام بە گومانە لەوەی تەقەکەی لەنەعیمە کردووە ، یا لەمێردەکەی، نەعیمە پێوە بووە. دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دڵشاد بەو پێیەی پاسەوانی بەرپرسێکی باڵادەستە گومانی ئەوە دەکرێت پارێزراو بێت. ئەگەرچی هەندێك کەس جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەرەو موسڵ هەڵاتبێ ".

سەبارەت بە بەشداریکردن بۆ سوڵح لە کێشەکەی نەعیمە قادری حاجی حەمە ساڵح ووتی" هەرگیز ناچمە سوڵحی خوێنی ئەو" هەورها ئەو سوورە لەسەر ئەوەی "کە ڕێکخراوەکانی ژنان دەبوو کاری زۆر جدیان بۆ سزادانی بکوژەکەی بکردایە با بپرسن لەئەهلی ناوچەکە ئینجا دەزانن چ ژنێك بووە ".

ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە ئاگادار نیە سوڵح کرابێت لەسەر خوێنی نەعیمە، هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە هاوسەری نەعیمە ١٥ هەزار دیناری سویسری وەرگرتبێ لەبەرامبەر سکاڵا نەکردنیدا. ئەگەر چی پاش تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر کوشتنی نەعیمەدا، تاکو ئێستا کەسێك سکاڵای تۆمار نەکردووە، بکوژیش ئازادەو هۆکاری کوشتنەکەش دیاری نەکراوە.

## بەڕێوەبەرایەتی هوشیاری مین دەخوازێت:

# چیتر منالانی گوندەکان پەراوێز نەخرێن

**ئا/ شیرین صبور**

"حەز دەکەین منداڵەکانمان هۆشیار بن، چیتر پێمان نەڵێن لادێیو دواکەوتوو، با ئێمەش وەکو خەڵکی شار ئاگامان لەدونیاو پێشکەوتنەکان بێت، بەتایبەتی زانیارییەکانی تایبەت بە مین"

ئەمە قسەی بەناز حەسەنی تەمەن ٣٢ ساڵ بوو، دایکی ئەو دوو منداڵەیە کە هەردوکیان پێکەوە بەشداری خولی هۆشیاری مین دەکەن، کە بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری مین، بۆ هەردوو گوندی ئاوەکورتێو ئاوێزەر کردوویەتیەوە.

بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری مین سەر بەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری مینە، لەساڵی ٢٠٠٥ لەسلێمانی دامەزراوەو تایبەت بەهۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەمەترسییەکانی مین، لەڕێگەی کۆڕو کۆبونەوەو خولی هاوینەو قسەکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەی زۆربەی کێڵگەکانی مینی تێدایە.

شێخ محەمەد تاهر بەرپرسی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری مین، سەبارەت بەئامانجیان لەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان هێمای بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لەکێڵگەو قوربانیەکانی ئاکامی تەقینەوەی مینو کەم ئەندام، هەروەها ئەو تواناییانەی کە هەن بۆ پاکردنەوەی ئەو کێڵگانە زۆر لەپێویست کەمترن، بۆیە بەپێویستیان زانیوە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەمەترسیەکانی مین بگرنە ئەستۆو ئەو دەڵێت "ئامانجمان لە دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەوەی نەوەیەکی دوارۆژی ساغو سەلامەتمان هەبێ".

هەڵبژاردنی ئەم دوو گوندە ئاوەکورتێ، ئاوێزەر بۆ خولی هۆشیاری مین لەسەر بنەمای چەند خاڵێك بوو، لەوانە بوونی خوێندنگەو ژمارەیەکی باش لەخوێندکارانو بوونی کێڵگەی مینو ژمارەیەك لەو کەسانەی لەئاکامی تەقینەوەی مین بەرکەوتوونو کەم ئەندام بوون، سەرجەم ئەم خاڵانە بناغەی سەرەکین بۆ هەر بەرنامەیەکی تایبەت بەهۆشیاری مین.

خولەکە لەگوندی ئاوێزەری سەر بەقەزای نالپارێز لە ٨/١٣ دەستی پێکردو تا ٩/١٣ بەردەوام دەبێت، بەڵام لەئاوەکورتێ لە ٨/١٤ بۆ ٩/١٤ بەردەوام دەبێت. ڕێکخراوی یونسیف بودجەی بۆ دابین کردووەو بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری مین جێبەجێی دەکات بەهاوکاری بەڕێوەبەرایتی گشتی کاروباری مین.

هەر گوندەو بێجگە لەخوێندکارانی خۆی ژمارەیەکی تری خوێندکارانی دەوروبەری لەخۆگرتووە، لەئاوەکورتی ١٠٠ خوێندکارو، ئاوێزەر ٢٠٠ خوێندکاری کوڕو کچی لەخۆگرتووە کە تەمەنیان لە ٩ بۆ ١٦ ساڵ تێناپەڕێت. خولەکە وانەی جیاوازو هەمەڕەنگی تێدایەو لەخوێندنگەیەکی سەرەتایی بچوکی پێنج پۆلی بەناوی ئاوەکورتێ، وانەکان دەخوێنن.

وانەکان بریتین لەهۆشیاری مینو تەندروستی، کۆمەڵایەتیو هەروەها وانەی وەرزشو شانۆو وێنەکێشانو مۆسیقا.

زۆربەی منداڵانی بەشداربوو خۆشحاڵن بەو وانانە، وەك هەڤاڵ ئەبوبەکر تەمەن ١٦ ساڵ ئاماژەی پێدا کە چۆن وانەی شانۆ وای لێکردووە خەو بەوە ببینێت لەدوارۆژداو لەڕێگەی نمایشێکی شانۆیی ئەو پەیامەی وەریان گرتووە لەسەرجەم خولەکە بۆ دانیشتوانی گوندەکەی نمایشی بکەنو لەزیانەکانی یاری کردن بەتەقەمەنیو مین ئاگاداریان بکەنەوە. لەهەمان کاتدا چرۆی خوشکی هەڤاڵ کە پێکەوە لەیەك پۆل دانیشتبوونو گوێڕایەڵی مامۆستای شانۆ بوون، چرۆ خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندیە، ئەم خولەی بەرز نرخاندو پێی وایە ئەمە یەکەم جارە لەگوندەکەیان ئەم چالاکیە روو بدات، بەبۆچوونی ئەو خولەکە بوارێکیان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ تێکەڵ بونیان لەگەڵ هاوڕێیانو کرانەوەو ئاشنابوونیان بەگۆڕانکاریو پێشکەوتنەکان " خولەکە بوارێکی باشە بۆ ئەوەی زیاتر ئاگامان لەدەوروبەری خۆمان بێتو ئاستی هۆشیاریمانی پێ بەرز بکەینەوە".

بۆچوونەکانی چرۆو هەڤاڵ بێ ڕەخنەو تێبینی نەبوو "ماوەی خولەکە کورتەو هەروەها گەر لەجێگایەکی گەورەتر بکرایە، دەمانتوانی نمایشێکی شانۆیی باشی تێدا بکەینو جوڵەیەکی زیاتر بەوانەکان ببەخشین". هاوکات شەوبۆ مەحمود گلەیی لەنەگونجانو دواکەوتنی خولەکە کردو ووتی "خولەکە درەنگ دەستی پێکرد، من ناچارم لەهەندێ وانە داببڕێم بۆ خۆئامادەکردنم بۆ سەرەتای ساڵی خوێندن، ئەمەش وام لێدەکات سودمەند نەبم لەو وانەو زانیارییە گرنگانە".

شێخ محەمەد تاهر لێپرسراوی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی مین ڕەخنەکانی پەسەند کردو ووتی "زۆر بەجێیەو داوای لێبوردن لەبەشداربوان دەکەین، ئێمە بەرنامەڕێژی خولەکەمان بەجۆرێك کردبوو کە لە ١٥-٧ تا ١٥-٨ تەواو بێت". ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا روونیکردەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان مەبەستی بووە پێشتر خولەکە دەست پێ بکات لەبەر ئەوەی هەندێ خوێندکار هەیە تاقیکردنەوەی خوولی دوهەمی هەیە، بەڵام کۆسپەکە ئەوەیە وەك شێخ محەمەد دەڵێت "دواکەوتنی یونسێف لە خەرجکردنی بودجەی خولەکەو هەندێ ئیجرائاتی ئیداری بووە هۆی دواکەوتنی خولەکە".

ئەحمەد فەتاح سەرپەرشتیاری تیمەکانی هۆشیارییە لەم خولە، هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکانی شێخ محەمەدو دەڵێت "بودجەکەی بۆمان تەرخان کراوە زۆر کەمە، تەنانەت ئەو پێداویستیانەی بۆ بەشداربوانم کڕیوە خۆم بە کەمی دەزانم".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان وەکو لێپرسراوی خولەکە هەوڵیان داوە کە منالانی ئەم گوندە هیچیان کەمتر نەبێت لەمنالانی شار، ناوبراو دەڵێت "منداڵانی شار بێجگە لەخوێندنگە، ئینتەرنێت، چەندین کەناڵی سەتەلایتو یاری جۆراوجۆر بەکار ئەهێنن، بەپێچەوانەی منالانی گوند کە بێبەشن لەهەموو ئەمانەو زۆربەی کەناڵە تەلەفزێونیەکانیان پێ ناگات".

ناوبراو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە زیاتر سەرنجی بەشداربوان بۆ گرنگیدان بەوانەکان رابکێشێتو دەڵێت "بڕیارم داوە بۆ ئەو خوێندکارەی وریایەو زیاتر ئاگای لەوانەکانە، لەگیرفانی خۆم دیارییان بۆ بکڕم". چونکە بەم شێوەیە دەتوانرێ زیاتر سەرنجی خوێندکارەکانی تر وەکو خۆی دەڵێت رابکێشێ بۆ گوێگرتنو بەئاگابن لەوانەکانو ڕێنماییەکانو درك بکەن کە شتێك هەیە لەپشت ئەم کێشانەو دواتر چارەسەری بکەن.

ئاشکرایە کاتێك کە مینێك بەیەکێکدا دەتەقێتەوە کێشەی جۆراوجۆر بۆ خودی خۆیو خێزانەکەی دروست دەکات هەر لەکێشەی کۆمەڵایەتی، دەورنی، تەندروستی بگرە تا ئابوری.

ئەم هەوڵو ماندوبونەی ئەندامانی تیمی هۆشیاری مین بەدەر نەبوو لەگلەیی لەلایەن خوێندکاران، لەوانە نەبوونی ئامێری ڤیدیۆی شیاو بۆ نمایشی دراما تایبەتەکانی هۆشیاری مین، رابەر عومەر تەمەن ١٠ ساڵ راشکاوانە ووتی "دوو جار ویستیان فیلمێکمان بۆ پەخش بکەن، بەڵام ڤیدیۆکە جاری یەکەم دەنگی نەبوو، جاری دوهەم هەر ئیشی نەکرد".

ئەحمەد فەتاحی سەرپەرشتیار، لەکاتی وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەیە ئامێری ڤیدیۆکەی لەئامێز گرتبوو بەرەو شار دەیگوێزایەوە بەمەبەستی چاکردنەوەی، ئەویش گلەییو رەخنەی خۆی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد، ووتی "لەراستیدا ئەو شتانەی بۆ ئەندام تیمەکانمان دەکڕردێن زۆر کەمن، هەروەها هەموو پێداویستیەکانمان کۆن بوونو بەسەرچوون". ناوبراو داوای هاوکاری زیاتری کرد لەحکومەت "راستە لەکاری پاکسازی کێلگە مینرێژراوەکاندا کەمتەرخەمی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئێمە هاوکاری سستە".

فەتاح بەدەم گێڕانەوەی گیروگرفتەکان نیگەرانی خۆی دەردەبڕی کە وێڕای ئەو ئامانجە مرۆییەی ئەوان مەبەستیانە خەڵکی ناوچە سنورییەکان هۆشیار بکەنەوە بەتایبەتی شوانەکان، ئەم کارەش وا دەخوازێت وەك ئاماژەی پێ ئەدات کە تیمەکانی هۆشیاری شەوانە لەگەڵ شوانەکان بمێننەوە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم سەیارەیان بۆ دابین بکات، ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا باسی ئەوی کرد کە ساڵانی رابردوو لەمانگێکدا ١٢-١٨ کەس ئەکوژران بەهۆی مینو تەقەمەنیەوە، ٢٠-٣٠ کەسیش بریندار ئەبوون، بەڵام پاش دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوە لەمین ڕێژەکە کەم بۆتەوەو بەڕێژەی یەك کوژراو لەمانگێکداو یەك کەم ئەندامو برینداریك.

بێگومان روداوەکان زیاتر لەکاتی بەهاران دەرئەکەوێت، چونکە خەڵکی سەرقاڵی کۆکردنەوەی ڕەوەكو گیا سروشتیەکانن، دەرئەچن بۆ گەشتوگوزار، بێجگە لەشوانەکان کە زیاتر لەبەهاراندا دەگەڕێن. ڕێناس عەزیزی تەمەن ١٢ ساڵ بەبێ تاقەتی دەیگێڕایەوە کە ئامۆزایەکی باوکی قاچێکی لەدەستداوە لەئاکامی تەقینەوەی مین بەقاچیا، بەڵام ڕێناس پاش بەشداریکردنی ئەم خولە ئێستا وەك خۆی دەڵێت "ئاسودەم کاتێك کە لەڕێگاو بان دەگوزەرێم، پاش ئەوەی بەهۆی خولەکە لەجۆرو شێوازو چۆنیەتی حەشاردانی مین ئاشنا بووم، ئەزانم کام ناوچە ترسناکەو مینرێژکراوە لێی دورئەکەومەوە".

نازە رزگار تەمەن ١٣ ساڵ سەرقاڵی وەرزش کردن بوو لەگەڵ هاوڕێکانیو وێڕای دەست خۆشی لەهەوڵو ماندوبوونی مامۆستاکان، هیوای خواست کە لەخولێکی تردا پێویستە ڕەچاوی وانەی ئینگلیزیو کۆمپیوتەر بکەن، ئەم هیوایەی نازە لەگەڵ داواکاری زۆربەی زۆری بەشداربوان ئەهاتەوە ئەگەرچی دڵپاك مەجیدی تەمەن ١٣ ساڵو خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی جیاواز لەمان پێی وایە گەورەترین خەتەرو کاریگەرترین زیان بۆ سەر خوێندکارانو سەرجەم خەڵکی گوندەکەیان بوونی مینو تەقەمەنیە، بۆیە ئەم خولەی پێ گرنگترە لە زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەر، "هوشیاریو زانیارییەکان وام لێ دەکەن خۆم بپارێزم، کە لەوانەیە لەژێر بەردێك یان گژو گیایەك مەرگێکی چاوەڕوان نەکراوم بۆ حەشار درابێت".



بەشداربوانی خولەکە لە کاتی وێنەکێشاندا